# تیرۆریستان لە رێگەی کفری دووزخوماتوو چوار کورد شەهید دەکەن

## پۆلیس( 10 ) تیرۆریست لەناوچەی قۆری چا دەستگیرکران و ( 2 )ی دیکەشیان کوژران

مەجید سالّح

سەرلەبەیانی دوینی (12/25), لەناوچەی قۆری چا, کەدەکەویتە نیوان شارۆچکەی دووزو کفری– یەوە, چەند تیرۆریستیك ریگەیان برِی و هێرشیان کردەسەر کاروانیکی ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر, کەحاجزی کۆنکریتییان هەڵگرتبوو و لەهەولیرەوە دەیانگواستەوە بۆ باشوورو لەئەنجامدا سیٚ شۆفیری ئۆتۆمبیلە بارهەڵگرەکان, کەهەرسیکیان خەڵکی شاری هەولێرن, شەهیدکران.

پاشان هەر ئەو تیرۆریستانە, داوایان لەشۆفیریکی تری تاکسی کرد, کە بەڕیکەوت بەویدا تیدەپەڕی, کەئەو سی تەرمە بگوازیتەوە بۆ دووز, بەلاٚم ئەو شۆفیرە کەناوی (کەریم ئاغا)یە, داواکەی تیرۆریستان رەت دەکاتەوە, بۆیە لەئەنجامدا ئەویش تیرۆر دەکەن.

پاشان مەفرەزەیەکی پۆلیسی دووز, چوونە شوینی رووداوەکەو لەئەنجامدا شەڕیکی توند لەنیوان تیرۆریستان و ئەو مەفرەزەیەی پۆلیسدا روودەدات و لەئەنجامدا (2)لەتیرۆریستەکان دەکوژرێن و (10)تیرۆریستی تریش, دەستگیردەکرین.